**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٢٤

٢٠٠٠ ـ بەرگی بیست و چوارەم

چاپی یەکەم ٢٠٠١

# پێڕست:


پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی دەستپێک ـــــــــ ل٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یەک ـــــــــ ل٢١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوو ـــــــــ ل٧١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێ ـــــــــ ل٧٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چوار ـــــــــ ل١٠١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پێنج ـــــــــ ل١٠٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شەش ـــــــــ ل١٥٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەوت ـــــــــ ل١٧٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە هەشت ـــــــــ ل١٩٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە نۆ ـــــــــ ل٢١٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دە ـــــــــ ل٢٧٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یازدە ـــــــــ ل٣٠١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوازدە ـــــــــ ل٣٨١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێزدە ـــــــــ ل٤٠١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چواردە ـــــــــ ل٤٢٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پازدە ـــــــــ ل٤٤٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شازدە ـــــــــ ل٤٩١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەڤدە ـــــــــ ل٥٢١

ئەندامێکی بەڕێزی یاسایی دەکەین با بفەرموێ بێتە ئێرە هەروەها ئەندامێکی لیژنەی پیشەسازی و وزە، بەڕێز کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شـــێـــروان نـاسح حـــەیدەری:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

ئەوەی دەیخوێنمەوە دەقی پرۆژەی بڕیاری دەسەلات دانە بە وەزیری پیشەسازی و وزە بۆ نرخاندنی کارەبا

بسم الله الرحمن الرحمي

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

**قرار**

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة (١٩٩٢) المعدل وبناءً على ماعرضه وزير الصناعة والطاقة ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٠ اصدار القرار الاتي:

**المادة الاولى:**

لوزير الصناعة والطاقة تحديد اسعار وحدات الكهرباء والمستلزمات الكهربائية العائدة للوزارة وتحديد اجور المحولات الكهربائية المؤجرة.

**المادة الثانية:**

تسري احكام المادة الاولى من هذا القانون على التسعيرات السابقة والمقرة وبأثر رجعي.

**المادة الثالثة:**

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون ولايعمل بأي نص يتعارض مع احكامه.

**المادة الرابعة:**

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

رای لیژنەی پیشەسازی و وزە تکایە.

**بەڕێز مـــحـــمـــد امین مـــولـود:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

لیژنەکەمان لە ڕۆژی ١٤/١١/٢٠٠٠ کۆبۆوە بۆ لێدوان لەبارەی پرۆژەی دەسەلاتدان بە وەزیری پیشەسازی و وزە بۆ نرخاندنی کارەبا و دوای لێکۆڵینەوە وبۆچونی لیژنەکەمان بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- پرۆژەکەی کە هاتووە بەشێوەی یاسا یاخود بڕیار دەست نیشان نەکراوە وپێشنیار دەکەین بکرێتە پرۆژەی بڕیار.

٢- سەبارەت بە مادده یەک گەراینەوە بۆ یاسای وەزارەتی پیشەسازی و وزە ژمارە چواری ساڵی ٩٣، مادده دوو برگە چواردە کە دەڵێ (القيام باعمال السيطرة النوعية والمساهمة في اعداد المواصفات في مجال الصناعة و ا لطاقة والمعادن في القطاع العام والمنفرد والخاص وللوزارة الحق في دراسة الانظمة و كلف المنتجات الصناعيةو مراقبة وتحديد اسعارها عند الضرورة) بەپێی ئەم برگەیە وەزیری پیشەسازی و وزە بۆی هەیە کە نرخی کارەبا دابنێ بۆیە ئێمەش پەسەندی دەکەین.

٣- زۆربەی لیژنەکەمان لەگەڵ لابردنی مادده دووە لە پرۆژەکە.

٤- پێشنیار دەکەین مادده سێی پرۆژەکە بکرێتە دوو مادده بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- لايعمل باى نص يتعارض واحكام هذا القرار.

ب- على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

٥- وشەی (قانون) لە هەر شوێنێکی پرۆژەکە هاتبێ بکرێتە قرار. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی داراییش رای هەیە فەرموون.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی دارایی ئەوەیە لە نوسراوی ژمارە (ج/٣٣)ی بیروکا ١٤/١١/٢٠٠٠

**السيد رئيس البرلمان المحترم**

**م/صلاحية تحديد اسعار الكهرباء**

تحيةً واحتراماً

بناءً على امركم اجتمعت لجنتنا يوم ١٣/١١/٢٠٠٠ بعد الظهر لدراسة ومناقشة مشروع قرار تخويل السيد وزير الصناعة والطاقة تحديد اسعار وحدات الكهرباء وندرج ادناه ملاحظاتنا:

١ـ من الضروري درج (المجلس الوطني لإقليم كوردستان العراق)بدلاً من رئاسة مجلس الوزراء)في ديباجة القرار وكذلك ان يكون(مشروع قرار)بدلاً من (مشروع)في ديباجته.

٢ـ المادة الاولى: تقرأ بالشكل الآتي (لوزير الصناعة والطاقة تحديد اسعار وحدات الكهرباء العائدة للوزارة وتحديد اجور المحولات الكهربائية بعد استحصال موافقة رئاسة مجلس الوزراء)..

وذلك حتى تكون الاسعار منسجمة مع مقدرة المواطنين نجد من الضروري اخذ موافقة رئاسة مجلس الوزراء في تسعير الوحدات الكهربائية والمحولات الكهربائية اما المستلزمات الكهربائية فهي من مهام لجان الشراء والبيع في الوزارة وغير ضروري درجها ضمن هذا القرار.

٣ـ المادة الثالثة: جعلها مادتين-أ-لايعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القرار ب ـ على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

*هذا ولكم الامر مع فائق التقدير*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموو:

**بەڕێز شێروان ناسح:**

**الى/ السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم**

**م/ رأي اللجنة**

كتابكم المرقم (٥٠ )في ١٤/ ١١/ ٢٠٠٠

بعد قيام اللجنة بدراسة ومناقشة مشروع قرار وزارة الصناعة والطاقة الخاص بتحديد اسعار الوحدات الكهربائية ومستلزماتها واجور الكهرباء، تؤيد اللجنة بالاجماع ماورد في المشروع باستثناء المادة الثانية حيث ترى اللجنة انه ليس من المعقول الرجوع الى المواطنين باسعار جديدة باثر رجعي مع فصل المادة الثالثة وجعلها مادتين بحيث تصبح مادة ثالثة ورابعة في المشروع. مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر چاکە دیارە رایەکان هەمووی نزیکە لەیەک بەتایبەتی بەنیسبەت ماددە دوو و ماددەی سێ، ماددەی دوو کە چارەسەرێکی مەسەلەی ئەو (اثر رجعی) بکرێت وهەروەها ماددەی سێ بکرێتە دوو ماددە بۆ ئەوەی واضح تر بێت، بۆیە ماددە بەماددە دەستی پێ دەکەین ئەگەر هیچ تێبینی نەبێ، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من شتێکی عامم بۆ ئەو مشاریعانەی کە لە حکومەتەوە دێت هەیە، من حەز دەکەم ئەندامانی پەرلەمان وابیر نەکەنەوە کە مەشروعێک بۆ وەزارەتێک دێت بۆ وەزیرەکە مەشروعەکە دادەنرێت، مەشروعەکە بۆ حکومەتە بۆ نموونە ئەوەی هاتووە بۆ شەخصی یاقۆ نییە، یاقو سێ مانگ لێرە نەبوو برادەرانی ئێمە ئیشەکەیان بەڕێوە دەبرد یان هەر وەزارەتێکی تر کە مشروعێک دەنێرێ دەبێ ئێمە بەو روحیەتە ئیش بکەین کە بۆ حکومەتە وبۆ وەزارەتە و دەبێ بەرژەوەندی میللەتی خۆمان وبەرژەوەندی گشتی بخەینە سەر هەموو شتێک ئینجا مناقەشاتەکان دەست پێ بکەین، داوا دەکەم کە یاقو تۆزێک روونکردنەوە بدات لەسەر ئەم مەوزوعە لەوانەیە هەندێ شت هەیە روون نییە لای ئێمە لای ئەندامانی پەرلەمان احتماله واتصور دەکەین لەوەتەی کارەبا هەیە داوا بکەن پارەی هەموو ئەو ماوەیە کەهەیە با روونکردنەوەیەک بدات کە ئەو اثر رجعی یە تاکو چ کاتێکە وچەند دەگرێتەوە ئەوە واضح بێت لە پێش چاوی ئەندامانی پەرلەمان روون بێت ئینجا بڕیارەکە بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری پیشەسازی و وزە فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری پیشەسازی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە سوء فهمێک بووە لەو مناقەشاتانە کە لیژنەی پیشەسازی لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی واضح تر بوایە ودوایی ئەو صیاغەتە بکرابوایە، هەر لەسەرۆکایەتییەوە تاکو ئێرە، بۆ ئەو تەوضیحاتەی کە کاک فرەنسۆ باسی کرد ئێمە ساڵی ٩٢ کە حکومەت دامەزرا زۆر لە نرخەکانی کارەبا ومەسائیلی تر زۆر نزم بوون و لەساڵی ٩٤ ئەگەر هەڵە نەبم ٩٥ کابینەی دوو تەسعیرێکی دانا کاتی خۆی کە نرخی دۆلار زۆر بەرز بوو هەفتا هەشتا دینار بوو، ئەمەش دوای ئەوە تعدیل کراو هێنرایەوە خوارێ بە شێوەیەک دەتوانین بڵێین نزیکە لە معتدل. ئێمە ئەو هاوینەی رابردوو کە بڕیار وابوو بۆخاتری هەژاران کە کارەبا نییە وکارەبا هەمووی بچێت بۆکارگەکانی بەفرو بۆ هەندێ مصالحی ئەهلی کە خزمەتی هاولاتیان بکەین، ئینجا ئێستا کە هات وهەندێکیان نیو ملیۆن دۆلاری قازانج کرد دەڵێین کاکە حەقی حکومەت بدە تسجیلی بکە لە ١٩٩٨/١/١ بەم لاوە ئەوان دەڵێن نا ئەوە زەمانی سابق مدعوم بوو مصانع مدعوم بوو پرۆژەکانی حکومەت دەبێ دعم بکرێت وبەنرخێکی رەمزی زۆر نزم، ئینجا من ساڵی ١٩٩٢تسعیراتی مختبراتم دانا کەس اعتراضی نەکرد، بەڵام معتدل بوو تا ئێستاش بەرێوە دەچێ کارەبا کە هات وقازانجێکی زۆر باش تحقیق کرا ئێمەش داوای حەقی خۆمان دەکەین کە حەفتا هەزارێک بێت چل هەزارێک بێت هەر هەموو ئەوانە متفقن کە (٣٥) دعوا کراوە دژی وەزارەت، کە ئێوە حەقتان نییە دەستکاری نرخەکانی حکومەتی عێراق بکەن وقانونیا هیچ حەقتان نییە. ئێمەش هەر استنادمان کرد محامیەکانی خۆمان لەسەر مادده دوو وەکو باس کرا و وەکو کاک امین باسی کرد لەسەر برگە چواردە، دیسان ئەو احکامە قبولی نەکرد، زۆر الحاحمان کرد و مراجعەی سەرۆکایەتیمان کرد وحاکم تقریبا لەو (٣٥) دعوایە سێ دعوای حەسم کرا دژی ئێمە دەڵێ ئێوە حەقتان نییە تسعیر بکەن مخول نین و اشارەت دەکات زۆر بە صراحەت ئەوە هەموو مستمسکاتە لە پێش ئێمە. جا ئێستا هەموو لایەک متفقن کە وەزیر بۆی هەیە تسعیر بکات چونکە هەر لە ئەصلەوە لە ساڵی ١٩٩٣وە بەپێی قانونی وەزارەت حەقمان هەیە بەڵام محکمە نازانم بۆ وا تەفسیر دەکات؟ ئینجا ئێستا تەمەنا دەکەین وبڕیار دەرنەچێ کە من زیاتر زەرەرمەند بم ئێستا حەقم هەر هەبوو لە پێشوش هەر حەقم هەبوو ئێستا دەڵێ لە مەودوا ئینجا لەمەودوا حەقی من دوو ساڵ سێ ساڵ پێنج شەش ملیۆن دۆلار ضربە بە من بکەوێ چونکە دەڵێ( اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية) مەبەستم بە وەزارەت و بە مصالحی گشتی کە حەقی حکومەتە بۆ هەژاران لەگەڵ رێزم بۆ ئەو خاوەن مصانع ومصالح، بەڵام ئەوەی بۆ حکومەت دێت حەقە وەکو دەڵێن (والحق شريعة المتعاقدين) ئێمە متعاقد بووین لە کۆتایی دعوای کرد دژی من کە تۆ حەقت نییە ئەو سعرە دابنێی لە کاتێکدا ئەو استفادەی لێکرد ارباحی خۆی تحقیق کرد، ئێستا سی وپێنج دعوا لەسەر من کراوە سێ دعوا حسم کرا دژی مصالحی گشتی و حکومەت کە بە حەق نییە، بەراستی لە

قانونی یەکەم ساڵی ١٩٩٣ حەق بەمن دراوە بەڵام دادگا وا تەفسیر دەکات ئینجا شتێک دەردەچێت کە لە صالحی تحقیقی عدالەت بێت نەک حەقی من بسوتێ لە دوو ساڵ پێش ئێستا لە ٩٨ بەو لاوە اجوری محولات بێت یا سعری محولات بێت نازانم لەوانەیە ایجاب بکا و ماددەی دوو الغاء بکرێت هەر بڵێ لەمەودوا حەقی من ئەفەوتێ یانی حەقی محکەمەش دەفەوتێ کە دفاع لە خۆی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس،ئینجا مادده مادده دەیخوێنینەوە فەرموو کاک شێروان:

**بەڕێز شێروان ناسح:**

**المادة الاولى:**

لوزير الصناعة والطاقة تحديد اسعار وحدات الكهرباء والمستلزمات الكهربائية العائدة للوزارة وتحديد اجور المحولات الكهربائية المؤجرة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر رای معارض هەیە لە لیژنەکان بۆ ئەم ماددەیە تکایە قسەی تێدا بکەن، بەڕێز کاک امین فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەئیدی وەزیری پیشەسازی دەکەین کە دەسەڵاتی خۆیەتی بەڵام پێشنیارێکمان کردبوو کە پرۆژەکە ئایا بە بریار دەردەچێت یان بە یاسا، لەبەر ئەوە دەبی بڵێین پرۆژەی یاسا یان پرۆژەی بریار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دوایی قسەی لێ دەکەین، جارێ ماددەی یەکەم، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە، کاک جمیل وەکو لیژنەی دارایی تێبینیت هەیە؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر هەمان رامان هەیە، زۆر رێزو احترامان هەیە بۆ وەزیری پیشەسازی و وزە بەڵام مەرج نییە هەر کاک یونادم وەزیری پیشەسازی بێت لەوانەیە حزبێکی تری منافس هات ووەزیرێکیان دانا حەزی کرد وەزعی مواطن تێک بدات کە کاتی خۆی کارەبای عێراق لە دەستی استعماری بریتانی بوو بەتایبەتی بەغدا زۆر لە عێراقیەکان مسیرات و مظاهراتیان کرد تا ئەو کارەبایە بووە کارەبایەکی وەتەنی ولەدەستی استعماری بریتانی دەربچێت وتحدیدی اسعار بکرێت نە خزینە زەرەرمەند بێت ونەمواطن، لەبەر ئەوە رای لیژنەی دارایی وئابوری ورای لیژنەی مالیش ئەوەیە

تەنیا موافەقەتی ئەنجومەنی وەزیرانی بۆ زیاد بکرێت ، جا کاک یونادم راستە شۆڕشگێرە و ئنسانێکی وەتەنی یە بەڵام حساب بکە یەکێکی تر هات لەبەر ئەوەی موافەقەتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە پێویستی دەزانن ولەسەر ئەو ئەسعارانەی کە وەزیر دایدەنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک جمیل بەڵام قانون لەسەر ئەساسی حسن النیە دادەنرێت لەسەر ئەساسی سود دانانرێت، پێش هەموو شتێک دووەمیش ئەنجومەنی وەزیران خۆی داوای کردووە لە کۆبونەوەی ئەوەندەی ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وئەنجومەنی وەزیران بەگشتی داوایان کردووە بەو شێوەیە بێت ولیژنەی یاساش تەئیدی ئەو خاڵە دەکات بەڕێز کاک د. ادریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە پێم وایە دانانی تەسعیرە یانی اجور لەصلاحیەتی وەزیرە یانی ئێمە تەعدیلی ئەو شتانەمان کردوە بە موافەقەتی ئەنجومەنی وەزیران، پێشتر ئەگەر تەماشا بکەین بەپێی ئەو زروفەی کە کارەبا سعری گۆڕاوە وتسعیرەی جیاوازیش دانراوە بۆ نموونە بۆ قطاعی صناعی وتجاری و زراعی هەتا اجوری محویلات تصنیف کراوە ئەوەی لە معامل دادەنرێت لەگەڵ زراعە فەرقی هەبووە یانی تعدیلێک کراوە وەنەبێ نەکرابێت پێشتر، بەڵام ئێستا معلومە لە هەموومان کە هەولێر بێ کارەبایە کارەبای لەرێگەی شەبەکەوە نییە داخلی مقیاس بێت وبچێتە ماڵان، ئەو کارەبایەی کە هەیە بەشێکی مولداتی حکومیە کە بەئەمپێر دەیدات بە وحدات نییە وەکو هەندێکی چونکە وحدات بە کیلواتە سەعات دەیخوێنیتەوە کە معدل چەند دەدات وبەشێکیشی ئەهلییە کارەبایەکە دابەشی دوو بەش بووە ئەهلی هەیە و حکومیش هەیە ، هەر حکومی نییە. جا لەبەر ئەوە تەسعیر کردن بەپێی زروفە بەپێی ئەو رۆژەیە کە کارەبا چەند تەکلیف دەکات ئەگەر مولدات بێت من پێم باشە هەر باسی حکومەت نەکرێت، ئێستا خەڵک لە نرخی کارەبای ئەهلی دەناڵێنن کە سعرەکەی زۆر گرانە کە مولداتە ، ئەگەر تەرکیز بکرێتە سەر ئەوەش کە ئەوان تحدیدی اجورەکە دەکەن هەر چەندە اجور صلاحیەتی وەزیرە نازانم رسوم لەوانەیە بڕیاری پەرلەمانی پێ بوێ ئەوە یەک، دوو مستلزماتی کارەبایی کە لێرە هاتووە بەرای من هیچ پێویست ناکات کە ئەوە بنوسرێ چونکە مستلزماتی کارەبا پێویستی بە تەسعیرە نییە چ لەلایەن بەڕێز وەزیرەوە چ لەلایەن وەزارەتەوە، ئەوە نرخێکە رۆژ کەوتووە، تحدیدی اجوری محویلاتی کارەبای موجود ئەگەر محویلەک ئەصلەن کارەبای تێدا نەبێت نەتدابیتێ چۆن تحدیدی اجورەکەی دەکەی؟ یانی ئێستا زۆر جێگا هەیە کارەبای لێ براوە کابرا محویلەی خۆی داناوە ومحویلەکەش مەوجودە هی حکومەتە تحدیدی اجورەکە چۆن دەکرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قـــاسم مـــحـــمـــەد قـــاسم:**
**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــومـــــەن.**

تەسعیری وەحدە وەسیلەیەکە بۆ تەقنینا صرف کرنا کارەبایێ وشتەکی زۆر پیرۆزە وحضاریە وداهاتێکی ئابوریشی هەیە، جەنابی وەزیر هەرچەندە حازر نییە دەرچوو وەصا دیاربێ هەروەکی کێشە هەیە لەگەڵ معاملا نە لەگەڵ مواطنا نە لەگەڵ صرفا اهلی زێدەتر بۆ معاملێ بەفرتییە بۆ کارگەی تر مەوجود کا چییە، لڤێرێ من پرسیارەک لە جەنابی وەزیرا هەی کە ئەو ژ اسس وضوابط دابنێن تسعیرا وحدێت لەسەر چ اسس وضوابطێک چونکە ممکن نییە دەستی وی ڤەکری ئەما سعرەکی خەیالی دابنێ وڤەخەلکێک زەرەری ببێت، ولڤێرێ پرسیارا من بۆ وەزیری ئەو ئوسس وضوابط وکو بۆ تەسعیرێ وحدە دێ چ بن بۆ زێدەتر کو اجحافێک تێدا نەبێت، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــومـــــەن:**

لیژنەی پیشەسازی و وزە دەتوانن وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە؟ ضوابطی دانانی سعری وحداتی کارەبایی چونکە من نامەوێ وەڵامی نەدەمەوە،هەمووی تەعلیماتی پێیە هەموو سعرێک کە دادەنرێت بەپێی تعلیمات ومواصفاتی تایبەتییە، شتی اساسی سعری کولفەیە، کولفە چەندە ئەوە دەبێتە سەبەبێکی اساسی بۆ دانانی اسعاری کارەبا لە مولدات، جا کاک د.ادریس ئەگەر توضیحێکی بداتێ.

**بـەڕێـز د.ئـیـــدریس هـادی ســـــالـح:**
**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــومـــــەن.**

هەرچەندە ئەوە شتێکی مختصە پسپۆڕەکان لە وەزارەتی کارەبا دایدەنێن بەڵام من باسم کرد ئەوەی تجاری لەگەڵ صناعی لەگەڵ زراعی هەر کەس تعریفەو شتی خۆی هەیە یانی هی هاوڵاتیان دعم دەکرێت، ئەگەر ماڵەکان کارەبای هەبێت ئەوە سعرێکی کەمتر دادەنرێت، دوایی عددی وحدات هەیە بە تدرجە چەند وحدات زیاتر سەرف بکرێت سعرەکە گرانتر دەبێت تا حدێکی معین ئەوە تعریفێکی تایبەتی هەیە و تفاصیلی دقیق لە وەزارەت هەیە پێویست ناکات ئیمە داخلی ئەو تفاصیلە بین چونکە ئەوە ضمنی اختصاصی وەزارەتە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــومـــــەن:**

ئەوە لە تەسعیرە شتێکی عملیشە لە کۆلێژ دەخوێندرێت، فەرموو کاک فەرەنسۆ.

**بـەڕێـز فـــــەرەنـســــۆ تـۆمــــا هـەریـری:**
**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــومـــــەن.**

ئەگەر ئەو حاڵەتەش هاتە پێش کە کاک د.رزگار باسی لێ کرد پەرلەمان بۆی هەیە بانگی وەزیر بکات روونی بکاتەوە ئەو اجحافەی کە هەیە و دایناوە داوای لێ بکات کە نەمێنێت، دەتواندرێت چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــومـــــەن:**

وابزانم مادده یەک اکتفا دەکەین بەوەندە دەیخەینە دەنگدانەوە.. تکا لەو بەڕێزانە دەکەین کە مادده یەک پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... بە گشتی دەنگ وەرگیرا. پێش ئەوەی باسی ماددەی دوو بکەین دەبێ حسابی ئەوە بکەین اشکالێک بووە لە نێوان حکومەتی هەرێم ولە نێوان هەندێ نالێم وەزارەتی عدل وحکومەتی هەرێم بەڵکو لەنێوان حاکمێکداو حکومەتی هەرێم، مەوزوع لەسەر تەسعیرەی کارەبایە بەتایبەتی بۆ مەسائیلی تجاری کارەبا دراوە بە معاملی بەفر و هەندێ معامل بۆ ئەوەی معمەلەکان رانەوەستن ئەو کمیە کارەبایەی کە هەیە بەلام تەبیعی کە حکومەت پارە سەرف دەکات بۆ پەیدا کردنی کارەبا واجوری کرێکاری واجوری تصلیحی ئەمانە حکومەت مەفروضە هەمووی وەربگرێتەوەو دەربێنێتەوە وپێویستە قازانجێکی لەگەڵدا بێت بۆ ئەوەی ئیشەکە جەدوایەکی هەبێت هەر ئیشێک بێت نەک هەر کارەبا هەر ئیشێک بێت دەبێ جەدوایەکی هەبێت لەلایەنی ئابوریەوە، تەبیعی اشکال هەیە لە نێوان ئەو تەسعیرەی کە دانراوە لەلایەن حکومەتەوە ولەگەڵ اصحابی مصالح کە وەکو وتمان ئەوانەی کە معاملی بەفریان هەیە وهەر کەسێکی تر بێت، بۆیە ئەنجومەنی وەزیران داوای کردووە ئەم بڕیارە دەربچێت یان ئەم قانونە دەربچێت کە سبەینێ بە پێی حەقی خۆی وەزارەت بتوانێ پارەی بڵێن لەمانگی دووەوە لەمانگی یەکەوە لە هەر وەختێکدا بێ وەربگرێتەوە کە تا ئێستا معلق ماوە ئەمە حەقێکی تەبیعییە ئێمە بە تەبیعی دەزانین، وئەنجومەنی وەزیرانیش بە تەبیعی دەزانێ بۆیە ناردوویەتییە ئێرە، جا پێش ئەوەی مناقەشەی ئەوە بکەین حەزم کرد ئەو تەوضیحاتە بدەم، فەرموو کاک شێروان ماددەی دوو بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح:**

**المادة الثانية:**

تسري احكام المادة الاولى من هذا القانون على التسعيرات السابقة والمقرة وبأثر رجعي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارێکم هەیە بۆ لیژنەی قانونی ئەگەر (اثر رجعی) لاببەین هیچ دەگۆڕێ لە جوهری ماددەی دوو؟.

**بەڕێز شێروان ناسح:**

نەخێر، مادام دەڵێ (التسعيرات السابقه) مانای وایە مقرەرەیە فرق ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک حەسەن.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە ئەگەر اثر رجعی لەناو بێت ماناکەی هەموو دەگۆڕێت (تسري احكامها على القرارات

الصـادرة) مانای مادده هەمووی دەگۆڕێت، لەپاش ئەوە ئەو ماددەیە کە هاتووە لە مشروع لەگەڵ ایضـاحـاتی جـەنابی وەزیر وابزانم هەندێ ایضـاحـاتی کـرد یانی لەو مـاددەیە غـمـوض هەیە وبەتایبەتی ئەو دعوایەی کە کراوە لە محاکم بۆ اسبابی ردی دعوا چییە؟ ئەو سێ چوار دەعوایە من پێشنیـارێک دەکـەم کـە تـەئجـیلی ئەوە بـکرێت بۆ مناقـەشـە لەبەر ئەوە بانگی پسـپـۆڕانی وەزارەت بکەین و اطلاع لەسەر دعاوی محکمە بکەین واسبـاب ردی دعـوا چییـە ودراسەیەکی زیاتر بکرێت، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

خۆی عادەتەن مقبول نییە قانون تێدا بنوسرێ باثر رجعی، وانییە؟ عادەتەن جائز نییە کە تێدا بنوسرێ باثر رجعی، بەڵام لێرە کە گوتت سابقە هەمان تەئسیری دەبێت وانییە هەمان مانا، یانی اثر رجعیت ئەگەر لابرد هەمان شت ئەمێنێتەوە یانی ئەتوانێ بە اثـر رجعی ئیش بکات بدون ان یذکر ذلک، من دەڵێم ئەگەر اثر رجعیمان لابرد ماناکەی ناگۆڕێت، هەمان مان دەدات.

**بەڕێـز مــــحـــــەمــــەد حـــەســـــەن باڵـەتە:**

ماددەکە ناگۆڕێت هەمان مانا دەدات، اثر رجعی یانی ئەو تەسعیراتەی پێشوو پێش قانون جائزە هەر زیاد دەکات هەمان مانای دەدات. مـن پێشنیـار دەکەم کە تەئجیل بکرێ دراسەیەکی زیاتر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێـز فــــــەرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

ئەگەر بە لابردنی اثر رجعیش هیچ نەگۆڕێ بۆ لاییبەین؟ مادام هەمان مضمونە هەمان شتە اثر رجعیەکەش بمێنێ لێرە.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن:**

دەزانی لە قـوانیندا اثر رجـعی نانوسرێتـەوە بەڵام ئەتوانی تاریخ دابنێی اعتـبـارا من ئەوەندەی ئەوەندە یان ئەتوانی ئەگەر مفهومەکە ئیشـەکەت بۆ بکات ئەو مفهومە بهێڵیتەوە چونکە ئێمە تصور دەکەین مادام سابقەی تێدایە عەینی تەئسیرە یان حەز دەکەن دەتوانن تاریخێک دابنێن اعتبارا من ئەوەندە.

ئەوانەی کە تێبینییـان هەیە تکایە دەستیـان بەرز کەنەوە، بەپێی تواناش باسی دواخستن مەکەن تاوەکو چارەیەکی بۆ دەدۆزینەوە، کە زانیـمـان چارەی بۆ نادۆزینەوە ئەو کـاتە دوایدەخەین، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

سـەبارەت بە من ئەوەی کـە دەڵێن بە بڕیارێکی «رجـعی» وبەبێ دیاری کـردنی مـەوعـد واتە

کێشەیەکی زۆر دروست دەکات، ئەبێت هەمیشە بڕیاری «رجعي»یش ماوەی خۆی هەبێت، دووەم سەبارەت بەوەی کەوا جەنابی وەزیر روونکردنەوەیەکی دیاری کرد کەوا لە ١٩٩٨وە هیچ دەسبەندێک بە رەسمی لە نێوان وەزارەت و کارەگەکانی بەفر، یاخود کارگەکانی تردا کراوە، تاوەکو وەریانگرین؟، سێیەم ئەم توێژە بەراستی ئەتوانێت کێشەیەکی گەورە بنێتەوە لەناو کۆمەڵدا، لەبەرە ئەوە بەرای من لە سنووری ساڵی تازەدا بێت و، ئەوانی تر هەق نییە وایان لێ بکەین، ئەگەر دەسبەندی رەسمی نەبێت، چونکە ئەگەر دەسبەندی رەسمی هەبێت ئەوە مافی خۆیەتی، جا بۆیە من دەڵێم ئەو نرخدانانە مافێکی سروشتییە و، لە ئەم ساڵەوە وەربگیرێت، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەرێز د.ئیدریس هادی سالح:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەگەر تەماشای «جبایە» بکرێت، هی هەر ساڵێک دەبینین لە ٦٠٪ تێ ناپەڕێ، خەڵکێک هەیە هەر لە سەرەتاوە پارەی کارەبای نەداوە، خۆ ئەوە دەبێت کۆ بکرێتەوە، بەڵام خۆی لێرەدا کێشەیەک دروست دەکات، ئەگەر «أثر رجعي»یەکە لە سەرەتاوە، واتا لە ساڵی ١٩٩٢و١٩٩٣وە جێبەجێ بکرێت، ئەوانەی کە پارەیان داوە بە رێکوپێکی ئەوانیش بگرێتەوە، ئەوە کێشە دروست دەکات، جا بەرای من لەو کاتەوە کە کێشەکە دروست بووە و، بەتایبەتیش لەگەڵ کارگەکاندا کە ئەوان دەزانن چ رۆژێکە، ئەوە دیاری بکرێت و کۆتایی بە کێشەکە دێت، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوەشتان لەبیر نەچێت کەوا ئەو نرخە وەزیری تازە داینەناوە، ئەو نرخدانانە لە ساڵی ١٩٩٧وە هەیە، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەرێز جەعفەر شێخ عەلی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وای بە باش دەزانم کەوا وشەی «أثر رجعي»یەکە لابردرێت و، ماددەکە رێک دەبێت، چونکە وشەی«أثر رجعي»یەکە لێرەدا بەهێزە، ئەگەر لابردرێت تۆزێک سووک تر دەبێت و، ئەوە لە دەسەڵاتی جەنابی وەزیرە و، ئەوەی کە باسی کرد لەسەر پرۆژەکان جێبەجێ بکات بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ کارەبای کۆنی هاووڵاتیان، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک مەمەند فەرموو.

**بەرێز مەمەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام کەوا ئەو «أثر رجعي»یە لابردرێت و، ماوەکەشی دیاری بکرێت، جا وەکو بەڕێز جەنابی وەزیریش باسی کرد ماوەی نییە بۆ چەند ساڵێک لەمەو پێش و، کێشەکەش بەتایبەت لەگەڵ کارگەکاندایە و هاووڵاتیانیش دەگرێتەوە و، دیاری کردنی ماوەکەی زۆر پێویستە کەوا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک مەلاهادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە کارگەکان وەکو کاک د.ئیدریس باسی کرد، کارگەکان هەندێکیان جیاوازە لەگەڵ ئەوانی تر، «٢٨٥٠»کارگە لە هەولێردا هەیە، بە هەموویەوە، ئەوەی کە جەنابتان ئاماژەتان بۆی کرد، سەبارەت بە کارگەی بەفر ئەمە زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوانی تر، چونکە ئەوانی تر ئەم ساڵ بایەخیان پێ دراوە و ڕۆژی «١٠» سەعات کارەبایان پێ دراوە و قانزاجێکی زۆریان کردووە، جا دەبێت ئەمە جیا کرێتەوە لەگەڵ کارگەکانی تر کەوا «١٠» ساڵە لە کار وەستاون و، ئێمە دەبێت نرخ لەسەر بنەمای کارەبا پێدانەکە دانێین، چونکە موحەویلە هەیە «١٠»ساڵ دەبێت کەوا کارەبای تێ نەچووە و، ئەو کارگەیە ڕاوەستاوە، من لەگەڵ ئەو ڕایەدام کە ئەو مافە مافی حکومەتەو دەبێت وەربگیرێت، بەڵام با لیژنە دروست بکرێت جا چ لە زەریبە بێت، یا چ لیژنەیەک دامەزرێت، کارگەیەک هەیە ئەگەر هەموو کارگەکەی بفرۆشێت ناگاتە« ١٠ تا ١٥» هەزار دینار، کرێی موحەویلەکەی لەسەر دەگاتە «٤٠»هەزار دینارێک، جا من پێشنیار دەکەم لەسەر بنەمای کۆن، کە دەستەبەند کراوە لەگەڵ فەرمانگەی کارەبا کرێی موەلیدە «٤٣٠» دینار بووە، ئەو دەستەبەندە ماوە، بۆیە خەڵکی لە دادگاکاندا دەڵێن ئێمە ئەوە دەستەبەندەکەمانە کە بە «٤٣٠»دینارە، جا ئێستا وەزارەت مافی خۆیەتی کە کرێکە زیاد بکات، بەڵام ئەوەش دەبێت دیسانەوە داوا لە خەڵکەکە بکات بێن و دەستەبەندی تازە ببەستن، جا من پێشنیار دەکەم کەوا یەکەم شت کارگەکانی بەفر جیا بکرێتەوە، چونکە وەریان گرتووە و سوودیشیان لێ کردووە، بەڵام سەبارەت بە کارگەکانی تر لیژنەیەک دامەزرێت، یا داوا لە زەریبە بکرێت لەلای ئەوان ئاشکرایە کەوا کێ کار دەکات و کێ کار ناکات، بەگوێرەی ئەوە ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت، ئەوەی کە ئیشی

نەکردووە هەر لەسەر دەستەبەندی کۆن چی هەیە ئەوەی لێ وەرگیرێت و، ئەوەیشی ئیش دەکات ئەوە بە دەستەبەندێکی تازە رەفتاری لەگەڵدا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با روونی کەمەوە، «أثر رجعي» مانای ئەوە نییە ئێستا نرخێکی تازە دادەنێت و، پارەی پێش دوو ساڵ وەردەگرێت، ئەو نرخدانانە هەیە، خەڵکەکە پارەی نەداوە، نرخ موقەڕەرە، هەندێ کەس پارەی نەداوە، کاک شێخ رەقیب فەرموو.

**بەڕێز رەقیب حسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: (تسري أحكام المادة الاولى من هذا القانون على التسعيرات السابقة)لێرە «السابقة» واتای «أثر رجعي» دەدات، هەتاوەکو «أثر رجعي»یش نەنووسرێت، واتا ئەو یاسایە بە «أثر رجعی» جێبەجێ دەکرێت، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدام کەوا ئەم ماددەیە هەڵگیرێت، ئەگەر شتێک هەیە سەبارەت بە کارگەکانی بەفر ئەوە ماددەیەکی تایبەتی بۆ دانرێت، «أثر رجعی» شتێکی گەورەیە، یاسا لە حاڵەتێکی زۆر پێویست «أثر رجعی» بەکار دێنێت، ئەوە چەند ساڵە ئەو کارەبایە سەرف کراوە و پارە نەدراوە، یاسای کۆن هەیە، وەزارەت دەتوانێت بە پێی ئەو یاسا کۆنە داوای مافی خۆی بکات، بەڵام ئێمە لێرە یاسایەک دەرکەین و بڵێین بە «أثر رجعی»، کەواتە هی پێش «١٠» ساڵیش بێت ئەبێت وەریگرێتەوە، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەو ماددەیەدا نیم و بە رای من ئەو ماددەیە هەڵگیرێت، تەنها حاڵەتێکی تایبەتی هەیە ئەویش لەگەڵ کارگەی بەفرەکانە کە چەند سەرپێچییەک هەیە، ئەوە دەبێت شتێکی تایبەتی بۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کارگەی بەفر وەکو نموونە هاتووە، نرخی کارەبا بۆ کارگەکان یەکە و، بۆ پیشەسازیش یەکە و، بەپێی سەرفکردنە، چەند سەرف کەن ئەوەندە پارەیان لێ وەردەگیرێت، ئەمە لە هەموو دونیاشدا هەر وایە، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من باس کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆم روونکرایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە ئەگەر ماددەی «٢» بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە لەوانەیە کێشەکە چارەسەر بکات، هەرچەندە قسەکانی پێش من زیاتر لەسەر ماددەی «١»بوو، نەوەک ماددەی «٢»، ئەگەر ماددەی «٢» بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە باشترە:(تسري أحكام المادة الاولى من هذا القرار على التسعيرات السابقة للوزارة من ١٩٩٧/١/١)، ئەگەر بەروارەکەی دیاری بکرێت وابزانم ئەو کێشەیە چارەسەر دەبێت، ئەو کاتە پێویست ناکات بڵێین «أثر رجعي»، چونکە ئەگەر رۆژەکەت دیاری کرد ئەوە «أثر رجعي» خۆی دروست دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تاوەکو مافی وەزارەت و حکومەتی هەرێم بپارێزرێت و، «أثر رجعي»یش لێرە نەمێنێت و، ئەو نرخدانانە کۆنە و موقەرەرە نەک دادگا بڵێت ئەوە هی بەغدایە و، ئەو کێشەیە نەمێنێت، پێشنیار دەکەم کەوا ئەم دەستەواژەیە دابنرێت لە جێگای «أثر رجعي»:(تسري أحكام المادة الاولى من هذا القرار على التسعيرات السابقة والمقررة من قبل وزارة الصناعة والطاقة في الاقليم) تاوەکو هیچ بوارێک بۆ دادگاکان نەمێنێت تاوەکو بڵێن نرخدانانەکە هی کاتی حکومەتی بەغدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد حەسەن فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بڕیاری دادگای بەراییە«البدائە»یە کە دژی وەزارەت دەرچووە، من تەماشایم کرد دەڵێت: (لعدم إستناد الوزارة على قانون يحق لها زيادة الاجور المقررة في سنة ١٩٩٨)، لەبەر ئەوە داواکەیان رەت کراوەتەوە، ئێمە لەم ماددەیەدا کە دەڵێین «أثر رجعي»، هەروەکو جەنابت و ئەندامانیش فەرمووتان «أثر رەجعی» شتێکی قورسە وزۆر بەکار ناهێنرێت، ئێمە دەتوانین بە شێوەیەک دایڕێژین تاوەکو ئەو زیادەی کە کراوە لە ساڵی «١٩٩٨»وە شێوەیەکی یاسایی بدەینێ ببێت بە یاسا، بەڵام نەوەک بەو داڕشتنەی ئێستا، جا ئێمە تەنها داڕشتنەکە بگۆڕین و

دەسەڵاتیش بدەین بە وەزارەت و، ئەو بڕیارانەی کە دەرچووە بۆ هەموار کردن پەسەند بکرێن و، شێوازێکی یاسایی وەرگرن بۆ ئەوەی «أثر رجعي»یەکە هەڵگیرێت، ئەوەتا لێرەدا لە بڕیارەکەی دادگادا هاتووە کە دەڵێ «١٩٩٨/١/١» زیاد کراوە و، ئەو زیادەیەی کە وەزیر کردوویەتی لەوانەیە یاسایی نەبێت، ئێمە بڕیارێک دەردەکەین کەوا ئەو زیادەیە یاساییە و ببێت بە یاسایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە رای جەنابت ماددەی «٢» بەم شێوەیە دابڕێژرێت (تسري أحكام المادة الاولى من هذا القانون على تسعيرات الوزارة منذ ١٩٩٨/١/١).

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئەم داڕشتنە زۆر جوانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک یۆنادم فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەو داڕشتنەی کە کاک جەمیل کردی باشە، چونکە نەوەک «طعن»ی یاسای خۆمان بکەین کەوا ساڵی١٩٩٣ دەنگدانمان لەسەر کردووە، لەبەر ئەوە ئەگەر بەروارەکەی باس نەکرێت زۆر بەهێز تر دەبێت، کەواتە ئەوەی کەوا کاک جەمیل وتی بەهێز تر بوو ئەویش کە دەڵێت: (تسري أحكام المادة الاولى من هذا القرار على تسعيرات حكومة الاقليم التي اقرت سابقاً) و حکومەتی هەرێم بێت نەوەک حکومەتی مەرکەزی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک بە نووسراو هاتووە دەڵێت: (تسري أحكام المادة الاولى من هذا القرار على التسعيرات السابقة والمقررة من قبل وزارة الصناعة والطاقة في الاقليم)، لیژنەی یاسای رازین لەسەر ئەم داڕشتنە، تکایە ماددەی «٢» بەم داڕشتنە تازەیە بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

(تسري أحكام المادة الاولى من هذا القرار على التسعيرات السابقة والمقررة من قبل وزارة الصناعة والطاقة في الاقليم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بکرێتە (تسري أحكام الفقرة الاولى من هذا القرار)، چونکە ئەگەر ماددەیە ئەوە بڕیار نییە و، ئەگەریش بڕیاریشە ئەوە دەبێت بە برگە بێتە خوارەوە، ئەوە یەکەم، دووەم پێشنیارێکیشم هەیە ئەگەر بوارم بدەن دیخوێنمەوە، ئەگەر بکرێت بە بڕیار ئەوە دووەمیان دەڵێت(تسري أحكام أولاً من هذا القرارعلى الاسعار السابقة المحددة إبتداءاً من ١/١/١٩٩٨)و لەلایەن وەزارەتی پیشەسازی و وزەوە دادەنرێت، چونکە نرخەکانی پێشووتر دیاری کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو کاک محەمەد کە لەپێشەوە داوای دواخستنی کرد، وابزانم باشترە، چونکە ئێمە ئەگەر سەردانێکی «غرفة التجارة» بکەین و، رای ئەوانیشمان وەرگرتبایە، چونکە دیارە هەڵسوکەوتەکەی وەزارەتی پیشەسازی هەڵسوکەوتێکی یاسایی نەبووە، بۆیە دادگا ئەو بۆچوونەی هەبووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەپێی یاسا وەزارەت بۆی هەیە نرخ دانێت، بەپێی ئەو یاسایەی کە پەرلەمان دایناوە لە ساڵی ١٩٩٢دا و دەقیشی هەیە و، بەبێ دەقیش هەمان مافی هەیە، چونکە کارەبا بەرهەم هێنەرە، لەبەر ئەوە ئەو بڕیارەی کە وەرگیراوە من وای دەبینم کەوا هەڵەیەکی تیادایە، چونکە یاسای وەزارەت زۆر روونە.

**بەڕێز سەفەر محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام رۆڵی دادگا لێرە جیا کردنەوەیە لە نێوان ئەوانەی کە بەدژی یەکتردا دەچن، جا چ نێوان هاووڵاتیان بێت، یا نێوان هاووڵاتیان و حکومەت بێت، لە رژێمە دیموکراتییەکاندا رۆڵی دەسەڵاتی دادوەری زۆر باڵایە و روونە، وەزارەتیش مافی «طعن»ی هەیە و پارێزەریشی هەیە، ئەوە دادگایە و دەبێت بڕواشمان بە دادگا هەبێت و، بەتایبەتیش دادگای تەمییز، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یاسای وەزارەت لە ساڵی ١٩٩٣دا کە لە ماددەی «٢»دا دەڵێت:(القيام باعمال السيطرة النوعية والمساهمة في إعداد المواصفات في مجال الصناعة والطاقة و المعادن للقطاع العام والمختلط والخاص و للوزارة الحق في دراسة أنظمة كلف المنتجات الصناعية ومراقبة وتحديد أسعارها عند الضرورة)، یاسای وەزارەت زۆر روونە.

**بەڕێز سەفەر محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شێوەی یاسای وەرگرتبایە، بەڵێ ئەوەش دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە گفتوگۆکەدا وادەردەکەوێت کەوا جەنابی وەزیر کێشەکەی ئەوەی کە لە دادگا ئەو نرخانە لەبەر چاو دەگرن کە لە کاتی خۆی لە کاتی حکومەتی مەرکەزی دانراوە، بەڵام لە پاش دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم، قۆناخی زۆری بەسەردا چووە و تەقدیر کراوە، وەزیری پیشەسازی ئەوەندەی پێویستە ئەو نرخانەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دانراوە ببێتە بنەمایەک بۆ نرخی موحەویلەکان، لەبەر ئەوە ئەو دەقەی کە ئەندامان پێشنیاریان کردووە و بنەمای ئەو نرخەی کە چەسپاوە لەلایەن وەزارەتی پیشەسازییەوە، ئەوە ببێتە بنەمایەکی چەسپاو بۆ جبایەی قەرزەکانی حکومەت، نەک لەسەر بنەماکانی حکومەتی عێراقی، بەرای من شتەکە چارەسەر کراوە، پێویستە ئێمە پابەندی بڕیارەکانی خۆمان بین، حکومەتی هەرێم شتێکی بەوەندە پارە هەڵسەنگاندووە، ئێستا بۆ بگەڕێتەوە سەر نرخەکەی حکومەتی مەرکەزی، بەتایبەتیش کارگەکان، پاشان بە کارەبا ئەگەر ئیشی نەکردبێ، هەروەکو کاک د.ئیدریسیش باسی کرد کە لەسەر بنەمای سەرف کردنی یەکەکانی کارەبا دەبێت، هیچی لێ ناسێنرێت، چونکە موحەویلەیەک کە لە کار راوەستابێت نابێت ئێمە بڕۆین پارە لەو خاوەن کارگانە وەرگرین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن دیسانەوە دەستیان بەرزکەنەوە تاوەکو ناویان بنووسین، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆرم لا سەیرە، ئێمە هەر هەموومان داوای مووچە دەکەین، داوای دەرماڵە دەکەین، داوای پارەی سەفەر دەکەین، داوای کرێ خانووش دەکەین، هەوڵیش دەدەین دەستی حکومەت ببەستین کە هیچ پارەیەک کۆ نەکاتەوە، نازانم لە دونیادا شتی وا نەبووە، باشە با لە هەندێ مافی خۆمان وازبێنین و بیدەین بە حکومەت، تاوەکو واز لە هاووڵاتیان بێنن و پارەی کارەبایان لێ وەرنەگرن، ئەو شتانەی کە ئەوان بۆ ئێمەی دەنێرن ئەوە پاش لێکۆڵینەوە بۆمانی رەوانە دەکەن، راستە ئێمە مافی گفتوگۆکردنیانمان هەیە، بەڵام نەوەک دەستیان ببەستینەوە، حکومەت ئەم مەسەلانەی دیراسەت کردووەو پاشان رەوانەی ئێمەیان کردووە، ئەو چارەسەرەی کە کاکەرەش باسی کرد، ئەوە چارەسەری هەمووی دەکات، پێموایە پێویستی بە هیچ گفتوگۆیەکی تر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لەجێی خۆیەتی کەوا پشتگیری پێشنیارەکانی حکومەت بکرێت و، لەهەمان کاتیشدا پەرلەمان مافی خۆیەتی کەوا گفتوگۆی هەموو ئەو شتانە بکات کە بۆی دێت، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو ئەندامێکی لیژنەی پیشەسازی رای لێژنە لەسەر ئەوە بوو منیش لەگەڵ ئەوەدا بووم کەوا ماددەکە بمێنێت، سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان لە رووی یاساییەوە لە سێ دەسەلات پێک دێت و، هەردوو دەسەلاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن رێزێکی تایبەتییان هەیە بۆ دەسەلاتی دادوەری و، هەموومان باوەڕمان بە سەربەخۆیی دەسەلاتی دادوەری هەیە و کاریشی پێ دەکەین، بەلام جێگای داخە کە هەندێ حالەتی بەدەر روودەدات لەم لاوئەولا، یا لەلای دادوەرێک و دووان،کە ئەوانیش بە باشی یاساکانی پەرلەمان ناخوێننەوە و، پشت بە یاساکانی پێش راپەڕین دەبەستن، لە یاسای وەزارەتی پیشەسازیدا وەکو هەمووتان فەرمووتان هاتووە کە لە ماددەی دووەمدا دەڵێت وەزیر دەسەلاتی هەیە، خاوەن چەند کارگەیەک پارەی کارەبایان نەداوە لە بەرواری ١٩٩٨/١/١وە تاوەکو ئێستا، وەزارەتی پیشەسازی پەنای بۆ دادگا بردووە، کەچی دادگاش بڕیاری داوە کەوا حکومەتی هەرێم دەسەلاتی دیاری کردنی نرخی کارەبای نییە و، خۆی بە نرخەکانی سالانی هەشتاکانەوە بەستووەتەوە و، دەڵێتیش نابێت کارەبا لەم جێگایانە ببڕێت کە پابەندی دەسبەندەکەیان نەکردووە، ئەوجا ئەم ماددەیە بۆ ئەوەی تاوەکو ماڵی گشتی بگەڕێتەوە بۆ گەنجینەی حکومەت و، ئەگەر «أثر رجعی» نەبێت ئەوە پارەی ئەو هەموو ساڵەی پێشوو هەمووی دەڕوات و، لێرە من مەبەستم ئەوەیە کەوا قەرزەکانیان لێ وەرگیرێت بەهەمان نرخی کۆن کە لەسەری رێککەوتوونە و، نەوەکو بەنرخی ئێستا کە دادەنرێت، ئەمە چەند ساڵێکە ئێمە لە باری کەم کارەباییین، بەلام سەرەڕای ئەمە حکومەتی هەرێم بە بەرژەوەندی گشتی زانی کەوا کارەبا بدات بەو کارگانە و گلەیی خەڵکیش هەڵگرێت، چونکە ئامانجی سەرەکی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان ئەوەیە کە خۆشبەختی بۆ هاوولاتیانی کوردستان دابین بکات و، خاوەن ئەو کارگانە سوودێکی باشیان لێی کرد، بەلام لە هەمان کاتیشدا دەبێت پارەی حکومەتی هەرێم بگەڕێننەوە و، ئەمەش لەجیاتی ئەوەی کەوا دادوەرەکانی ئێمە یاساکانی حکومەتی کوردستان جێبەجێ بکەن دەچن یاساکانی حکومەتی مەرکەزی جێبەجێ دەکەن، کە یەکەکانی ئەم کارەبا زێڕینە بەچەند فلسێکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک حەمید میران فەرموو.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نرخی کارەبا بریتییە لە دوو شت، یەکەمیان نرخی کارەبایە و ئەوی تریشیان نرخی موحەویلاتە، ئەوەی کە نرخی کارەبایە و بەسەر خەڵکەوەیە هەق وایە کە لێیان بسێنرێتەوە، هەتاوەکو ئەگەر زیادیش بکرێت، لەبەر ئەوەی کە نەیداوە با بە نرخە کۆنەکە بیدایەو ئێستا بەم شێوەیە لێیان نەساندایە، ئەوە لە رووەکەوە، نرخی موەلیدەکانیش بە رای من ئەو شوێنانەی کە موەلیدەی هەیە وکارگەن، یا کارگەش نین و هەر شوێنێکی تر بێت، ئەوە هەقە کە پارەی موەلیدەیان لێ وەرگیرێت، بە مەرجێک کارەبایان وەرگرتبێت، بەڵام ئەگەر کارەبایان وەرنەگرتبێت ئەوە هەق وایە کە وازیان لێ بهێنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە پێویستی بە وەستان هەیە لەسەری، لە رووی یاساییەوە، ئەگەر وەزیری پیشەسازی و وزە دەسەڵاتی خۆی بێ بەگوێرەی یاسای وەزارەت، پرسیارێک دێتەکایەوە کە ئەو مافی ئەوەی هەیە نرخ دانێت و، کە نرخیشی دانا ودەستەبەندیشی هەیە لەگەڵ ئەو لایەنەی کەوا کارەبای ئەداتێ لەسەر چ بنەمایەک دادگا بەم شێوەیە تەماشای داواکەی دەکات؟ ئەبێت ئەم مەسەلەیە یەکلا بکرێتەوە، چونکە ئەمە دەستێوەردانە، یا دەسەڵاتی دادوەری ئێمە ئەبێت وڵامێکی ئەم مەسەلەیە بداتەوە، لێرە ئێمە یاسامان هەیە، من بۆیە داکۆکی لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکەم، چونکە ئەم یاسایە موقەدەسە لە پەرلەمانی کوردستانیشەوە دەرچووە و، بڕیاری لەسەر دراوە، کە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر بدات هەموو لایەنێک دەبێت پابەندی جێبەجێ کردنی بێت، لەگەڵ رێزگرتن بۆ بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵات، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی دەستوورێکی نووسراو نییە لە کوردستاندا، دەبینین ئەم جۆرە بابەتانە دێتە پێشەوە، من داوا دەکەم لە پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەم خاڵە راوەستێ و بەرگری بکات لە بۆچوونی خۆی و، ئەم مەسەلەیە یەکلا بکرێتەوە، هەقی وەزیرە بەگوێرەی یاسای وەزارەت ئەبینم ئەم یاسا تازەیە شتێکی زیادە، چونکە ئێمە بێین و دووپاتی یاسایەک بکەینەوە کەوا دەرمانکردووە، ئەوە دەگرێتەوە کەوا ئەوەی کە دەرمان کردووە ئیشی پێ ناکرێ، من داوا دەکەم کەوا لەسەر ئەم خاڵە راوەستین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو کاک حەمید ئاماژەی بۆ کرد مەسەلەی بەکرێ دانەکە دوو شتە، کرێی یەکەکانی کارەبا و کرێی موەلیدەکان، دادوەریش کە بڕیاری داوە لەسەر کرێی موەلیدەکانە و، لەسەر کرێی یەکەکانی کارەبا نییە، چونکە یەکەکانی کارەبا دەسبەندی نییە، بەڵام دەسبەند ئیمزا کراوە لە نێوان خاوەن کارگەکان و وەزارەت، بەگوێرەی دەسبەندەکان کرێی موەلیدە «٣٠٠ ـ ٥٠٠ ـ ١٠٠٠»دینارە بە نرخی کۆن، چ ڕێکەوتنێکی نوێ نەبووە، ئەو دەسبەندەی کە هەیەتی سەبارەت بە یەکەکانی کارەبا ئەوە شتێکی چەسپاوە و، بەگوێرەی ئەو یەکانەی کە سەرف کراوە پارەی لێ وەردەگیرێت، جا ئەوە ئێستا ئەیگرێتەوە، یا کۆن ئەیگرێتەوە ئەوە وەردەگیرێت، بەڵام ئەگەر موحەویلەیەک کارەبای پیادا تێنەپەری بێت تۆ کرێی چی لێ وەردەگرێت؟، بە رای من با نرخی یەکەکانی کارەباشمان بۆ بێت تاوەکو زیاتر دیراسەت بکرێت، چونکە ئێمە نرخی یەکەکانی کارەبا نازانین لە وەزارەت چەند دانراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری پیشەسازی فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری پیشەسازی و وزە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم خاڵە زۆر باس کرا، بەرای من ماددەی یەکەم و پێشنیاری دووەم کە جەنابتان خوێندتانەوە بەوە ببڕێتەوە و، دەنگدانی لەسەر بکرێت، بەڵام بۆ ڕوونکردنەوەی قسەکانی کاک مەلا هادی، ئەو شتەی کە باسی لێوە دەکات زۆر ورد نییە، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان کە سەرۆکی حکومەت بوو دەیان حاڵەت عەفووکران لەبەر ئەوەی کارەبامان نەدابوو بە خەڵک، چونکە ئەو کاتەی کە خۆی سەرۆک وەزیران بوو داوام لێی کرد کەوا لە چەند حاڵەتێک ببوورن و، ئێستاش دیسانەوە ورد نییە، ئێمە ئێستا خەڵکمان هەیە کە کرێی کارەبایان نەداوە و، هەروەها کرێی موحەویلات «٤٠»هەزارمان نییە، کرێی موحەویلات لە ١/١/١٩٩٨وە بەم لاوە، موحەویلەی «٢٥»KV «٥٠٠» دینارە، گەورەترین موحەویلە کە «١٠٠»KV یە «٢٥٠٠»دینارە ، ئەویش کارەبای هەبێت، نازانم هەندێ مەسەلە لێرە کە باس دەکەن زۆر ورد نین، بەپێچەوانەوە ئێمە لەگەڵ هاوولاتیان هیچ گرفتمان نییە، تەنها ئەو کارگانەی بەفر کە کارەبایان زۆر سەرف کردووە، لەوێ گرفت ڕوویداوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی ناویان نووسراوە تەنها ئەوان قسە دەکەن، چونکە ناکرێت هەر دەقیقەیەک بیرۆکەیەکمان بۆ بێت بیخەینەڕوو.

کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی فەرمو.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسا کۆک بووین لەسەر ئەوەی ئەو ماددەی ئەثر رەجعیەکە نەمێنێت بەڵام دیارە پرۆژەکە دوای بڵاو کردنەوە گۆڕاوە، ئەو ماددەیەی کە تازە دارڕێژراوەتەوە لەگەڵ ئەو ماددەیە هیچ جیاوازی نییە هەمان ناوەڕۆکە بەڵام بەشێوەیەکی ترە، دیارە وەزارەتی پیشەسازی گرفتەکانی لە ساڵی ۱۹۹۷ دەستی پێ کردووە، ئەو دەعوایانەش کە لە دادگای بداءە کراوە لە میانی ۱۹۹۷ و ۱۹۹۸ و ۱۹۹۹یە، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم ماددەی دووەم وەکو خۆی بمێنێتەوە (بأثر رجعي اعتباراً من ۱/۱/۱۹۹۷) ئەمە هەموو گرفتەکە چارەسەر دەکات هەتا دارشتنی دووەمی کە دانراوە هەر ئەثر رجعی هەیە، بەڵام ئەوە لە دارشتنە نوێیەکەی جوانترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ فەرمو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر ئەو دادوەرە هەیە کە ئەو بڕیارەی داوە، هەقە مووچەکەی وەکو هی دادوەری بەغدا بێت، دادوەری بەغداد مووچەکەی چەندە لێرە ئەو مووچەیەی بدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ئەو سیغەیە بخوێننەوە تاوەکو دەنگدانی لەسەر بکەین، چونکە زۆر گفتوگۆی لەسەر کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

تسري احكام المادة الاولى من هذا القانون على التسعيرات السابقة والمقررة من قبل وزارة الصناعة والطاقة في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسندی دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. سوپاس.. ئەو کەسانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

کاک شێروان ئەوەش یەکلا نەکەینەوە کە یاسا بێت یان بڕیار بێت؟.

لیژنەی یاسا رازین مادەی سێ بکرێت بە دوو بەش؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە رێککەوتین لەسەرئەوەی بکرێ بە دوو بەشەوەو، لیژنەکانی تریش پشتگیرمان دەکەن ماددە سێ، دەبێتە ماددە سێ و چوار، بەشێکی دەبێتە ماددە سێ (على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون)، ماددە چواریش دەبێتە (لا يعمل بأي نص يتعارض مع احكامه)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرمو مادده سێ بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

المادة الثالثة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ماددەی (٣)؟. دەیخەینە دەنگدانەوە.

ئەو بەڕێزانەی مادده (٣) بەو شێوەیەی كە هاتووە پەسندی دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە؟..

سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە.. بە كشتی دەنگ وەرگیرا.

فەرمو مادده چوار بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الرابعة: لا يعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە.

ئەو بەڕێزانەی مادده (٤) بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە پەسند دەكەن تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناكەن تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە.. بە گشتی دەنگ وەرگیرا.

فەرمو مادده پێنج بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الخامسة: ينفذ هذا القانون إعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر مادده پێنج؟ دەیخەینە دەنگدانەوە.

تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە مادده (٥) پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە؟.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە.. بە گشتی دەنگ مادده (٥) وەرگیرا.

ئێستا هەموو یاساكە دەخەینە دەنگدانەوە.

تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە هەموو یاساكە پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە..سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی هەموو یاساكە پەسند ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە.. بە زۆربەی دەنگ هەموو یاساكە وەرگیرا.

خاڵی دووەمی بەرنامەی ئەمرۆمان خستنەروو گفتوگۆكردنە لەسەر پرۆژەی یاسای پلە بەندی بۆ دەرچووانی كۆلیژی زانستی بەشی كیمیاو بایۆلۆجی.

لیژنەی یاسا رای تایبەتی هەیە لەم بارەیەوە فەرموون.

به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
به ناوی گەلەوە
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ٢٧
مێژووی بڕیار: ١٥/ ١١/ ٢٠٠٠

«بڕیار»

پشت بەو یاساکارییەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٦)ی رۆژی (١٥/١١/٢٠٠٠)یدا ئەنجامی داوە، بەپێی حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمووارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٠**
**یاسای نرخاندنی یەکە کارەباییەکان وئامرازەکانی**

ماددەی یەکەم:
وەزیری پیشەسازی و وزە بۆی هەیە نرخی یەکە کارەباییەکان و ئامراز(مستلزمات)ە کارەباییەکانی سەر بەوەزارەتەکە دابنێ و کرێی موحەوویلە کارەباییەکانیش کە هەن، دیاربکات.
ماددەی دووەم:
حوکمەکانی ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە ئەو نرخانەش دەگرێتەوە کە پێشتر وەزارەتی پیشەسازی و وزە لە هەرێمدا ئیقراری کردووە.
ماددەی سێیەم:
پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.
ماددەی چوارەم:
هەر دەقێ پێچەوانەی ئەم یاسایە بی کاری پێ ناکرێ.
ماددەی پێنجەم:
ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە وەقایعی کوردستاندا، دەخرێتە کار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**